# ١٠٤ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی و هەڵوێستەیەك

**ناڵە حەسەن**

**کەنەدا ٢١/٤/٢٠٠٢**

(رۆژنامەنووسی دەزگایەکە بە کەس ناشکێ، بەلام ئەو جیهانی کۆن دەروخێنێ بۆ ئەوەی جیهانی نوێ دامەزرێنێ) ڤۆلتێر

جێگای خۆیەتی پیرۆزبایی و دەست خۆشانەی خۆمان لەم رۆژنامەنووس و قەلەم بە دەستە بوێرانە بکەین، کە دەورو نەخشیان بووە لە بەرپاکردنی شۆرشی فیکری وچوونەپێشی رەوتی مێژوو و باری رۆشنبیری و ئاستی ووشیاری کۆمەڵگەی کورد. رۆژنامە و رۆژنامەنووسان وەکو پردێك لە نێوان دەسەلات و کۆمەڵگەدا کاریگەری خۆیان هەبووە و جێگە و رێگەشیان وەکو چرایەکی درەوشاوە هەمیشە بە رۆشنی بینراوە. وە جێگای خۆشیەنی هەر لەم رۆژەدا باسی ئەو هەوڵە جوانەی نێو رۆژنامەگەری کوردی بکەین کە لە کۆتایی مانگی ئۆکتوبەری١٩٩٥ لە شاری هەولێر بە ناوی " دەستەی رۆژنامە نوسانی ئازاد " پێکهات. هەروەکوو لە بەیاننامەی پێکهاتنی دەستەدا باسکراوە – پرۆژەیەکی کاتی لە لایەن ناوەندی رۆشنبیری سەردەم پێشنیار کرا. لە رۆژانی ١٦، ١٧، ١٨ / ١٠/ ١٩٩٥ پرۆژەکە لە هۆڵی سەردەم لەلایەن ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە دوا رۆژدا بەرنامەکە پەسەند کرا و رۆژی ٢٨/١٠/١٩٩٥ لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا لیژنەی سەرپەرشتی(دەستە) هەلبژێردرا هەر هەمان رۆژ ((دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد)) پێك هات.

ئەم دەستەیە لە کاتێکدا پێکهات کە بەهۆی شەری نێوان پارتی و یەکێتی‌یەوە هیچ بوارێك بۆ ئازادی رادەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری و نووسین و تەنانەت بۆ ئازادی هاتووچۆ نەمابۆوە...! هەلومەرجەکان لەوپەری نائارامی و نا جێگیری‌دا بوون.گرتن و سووتاندن و داخستنی بنکەی رۆژنامەکان و بە دەلیلی پارتی بوون یان یەکێتی بوونەوە راوەدوونان و زیندانی کردن و ئازاردانی رۆژنامەنووسان رەواجی هەبوو. لەم کاتە ناسك و پێویستەدا بۆ بەرگری لە ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی بیرو راو بۆ پاراستنی مافی رۆژنامی‌نووسان و مافی هاتووچۆ و چاپ و بلاوکردنەوە، بوونی ئەم دەستەیە کارێکی نەك هەر شیاو بوو بەلکو پێداویستیەکی مێژوویی و حەیاتی بوو.

– ئەم بەرێزانەی خوارەوە دەستەی سەرپەرشتیار واتە لیژنەی بالای " دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد " بوون.

(کەریم سەرکەش، شوان داودی، هاوار کاکەیی، عەبدولا خۆشناو، ئیدریس لاوە، ئیبراهیم حاجی سالح، غازی حەسەن، هاوار مستەفا، ناڵە حەسەن).

وە بەرێزان / مومتاز حەیدەری و عەبدولقادر عەلی مەردان و کەسێکی‌تر کەبەداخەوە ناوەکەیم بیرچووە.. دەستەی راوێژکاری دەستەکەمان بوون. ئەم دەستەیە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی‌دا بە یەکەم ئەو هەولە دادەنرێ کە بە راستی دەستەیەکی ئازاد بێت و بە بێ جیاوازی بیورا لە هەوڵی چەسپاندنی چەمکی ئازادی بێت لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی کە دەکرێ لە دنیای رۆژنامەگەریدا.

ئەم دەستەیە لە ١٠ مانگی تەمەنیدا زۆر چالاکانە چەندین کار و چالاکی بە ئەنجام گەیاند...! لەوانە.....

دانیشتن لەگەل زۆربەی زۆری ناوەندی راگەیاندنەکانی حیزبەکان و گفتوگۆ کردن لەسەر چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەگەری و پێشێلکاری‌یەمان و......هتد.

©Kurdistan Net

دانیستن لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری ئەو کات (جەمال عەبدول) لە بەرامبەر رێگە نەگرتن لە بلاوبوونەوەی رۆژنامەی (بۆپێشەوە) و (یەکسانی) دا.

رازی کردنی ناوەندی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی، بۆ رێگە نەگرتن لە گەیشتنی رۆژنامەی (برایەتی) بۆ هەولێر و سلێمانی وە گەیشتنی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بۆ مەسیف سەلاحەدین و بادینان.

کردنەوەی خولێکی رۆژنامەگەری لە هەولێر. وە باشترین پسپۆرانی مەیدانی رۆژنامەکەری بەشدارییان تیا کرد لە بە ئەنجام گەیاندنی خولەکە. وە نوێنەری زۆربەی ناوەندی راگەیاندنەکان و رۆژنامە و گۆڤارەکان لە خولەکەدا بەشدارییان کرد و خولەکەش بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات. وە لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا بە ئامادەبوونی وەزیری رۆشنبیری و بەر پرسانی ناوەندی راگەیاندنەکان و کەسایەتیە ناسراوەکانی نێو بواری رۆژنامەگەری و چەندین کەسایەتی رۆشنبیری ناسراو. بروانامە و خەلاتەکان دابەشکران بەسەر دەرچووان و پسپۆرانی بەشداربوو.

دەستەی رۆژنامە نوسانی ئازاد لە بەرامبەر پێشێلکاری‌یەکانی دەکرایە سەر رۆژنامە نوسان دەوری چالاکانەی خۆی دەبینی.

- بۆ نموونە "زاهیر"ی رۆژنامە فرۆش:. ئەم رۆژنامە فرۆشە لە سەر شەقامەکان رۆژنامەی دەفرۆشت، رۆژێك لەلایەن چەکدارێکی ی.ن.ك بەبەر چاوی خەڵکەوە شولاقکاری و سوکایەتی پێکرا بە دەلیلی ئەوەی رۆژنامەی"بۆپێشەوە" ی‌فرۆشتووە. ئیمەش لەسەر ئەم کارە لەگەڵ (عەدنان موفتی) بەرپرسی‌مەلبەندی ٣ی یەکێتی ئەو کات دانیشتین. دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەوە رێککەوتین، پێشمەرگەکە سزا بدرێت / تەعویز بە زاهیری رۆژنامەنووس بدرێتەوە چونکە لەبەر ئازارەکانی جەستەی بۆ ماوەی هەفتەیەك نەیتوانی بوو بگەرێتەوە سەر کارەکەی، نووسراوێکی مۆرکراو لەلایەن مەلبەندەکەیانەوە بدرێت بە زاهیر بۆ ئەوەی ئازاد بێت لە فرۆشتنی رۆژنامەکان و کەس نەتوانێت دەستی بۆ بەرێت. دیارە ئەمانەش بە ئەنجام گەیشتن.

من خۆم وەکو (ناڵە حەسەن) لە خۆپیشاندانێکدا بە دژی رژێمی بەعس لە شاری هەولێردا، لە ژێر دروشمی (رژێمی بەعس نابێت بگەرێتەوە کوردستان) لەگەل چەند هاورێیەکم لەلایەن یەکێتی‌یەوە گیرای. وە دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد، کاری زۆر چالاکانەیان بە ئەنجام گەیاند بۆ ئازاد کردنم. دوای تێپەربوونی ١١ رۆژ بەسەر زیندانیەکەم دا حاکم (قادر) یان ناچار کرد بێتە پای ئازاد کردنم. وە هەواڵی گیرانی من و هەوڵەکانی دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد بۆ ئازاد کردنم، **ژمارە ٥٩ ی ساڵی ١٩٩٥ هەفتە نامەی گوڵان** دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد " هەر لە درێژەی کاروچالاکیەکانیدا بە نیازبوو رۆژنامەیەکی تایبەت بە بواری رۆژنامەگەری دەر بکات. وە لە هەوڵی خۆئامادەکردن دابووین بۆ دەرکردنی رۆژنامەکە و کاری زۆرمان بۆی کرد... !

وە خالیکی‌تر کە زۆر گرنگ بوو بۆمان وە هەنگاویشمان بۆی هاویشتبوو / ئەویش رێککەوتن لەکەڵ وەزیری (پەروەردە و فێرکردن) بۆ ئەوەی لە زانگۆ و کۆلیژەکان دا زانستی رۆژنامەگەری وەکو بەشێکی سەربەخۆ بخوێندرێ.وە هەر ئەو کات چەندین پسپۆری تایبەت لەم بوارەدا ئامادەیی خۆیان بۆ ئێمە دەربری کە لەم بوارەدا کارمان لە گەڵدا بکەن.

گرتنی کۆرێك دەربارەی بەر قەرار بوونی ئاشتی وە هەر لە کۆرەکەدا پێشنیاری ئەوەمان کرد کە جەماوەرێکی زۆر بانگەواز بکەین بە رێپێوان برۆین بەرەو سنووری نێوان دەسەلاتی پارتی و یەکێتی واتە نێوان هەوایر و مەسیف سەلاحەدین.وە لەوێندەرێ بمێنینەوە و مانبگرین. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە رۆژەکەشمان دیاری کرد

ئەوەی پیویستە بگوترێ ئێمە وەکو " دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد " لە سەرەتادا کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵاو کۆبوونەوە گشتیەکانمان (لە ناوەندی رۆشنبیری سەردەم) ئەنجام دەدا. دواتر بە گەیشتنی کۆمەکی هەندێك لە حیزبەکان لە سەرەتاوە حیزبی

زەحمەتکێشان و حیزبی شیوع کوردستان، دواتر ناوەندی ناوەندی راگەیاندنەکانی حیزبەکانیتریش بەلێنی کۆمەك کردنمانیان دا.
وەکو باسم کرد لەگەڵ گەیشتنی کۆمەکەکان لە ناو جەرگەی شاری هەولێردا بە تەنیشت بینایەی بازاردەی سیروان بنکەمان کردەوە و لە کورترین ماوەدا کەلوپەلو پێداویستیەکانی بنکەکەمان کری و ناوەکەمان بە گەورەیی هەڵواسی. ٣
لەگەڵ گەرانەوەی پارتی بە هاوکاری حکومەتی بەعس تەمەنی دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد " کۆتایی پێهات. واتە ٣١ ی ئاب رۆژی مەرگی دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد " بوو. ئەویش نەك لەبە پارتی شتێکی بۆ ئێمە دروست کردبێت نەخێر بەڵکو لەبەر باری ئالۆزی و نائارامی وەزعەکە بوو. زۆرێك لە ئەندامانی دەستە تووشی هەلاتن هاتن و هەندێکیشیان روویان لەدەرەوەی وولات کرد. وە زۆرێك لەو پرۆژانەی کە باسم کردوون و بە ئەنجام نەگەیشتن دەلیلەکەی ئەوە بوو ئێمە لە گەرمەی کارکردنەکانمان دا بووین لە پرێکا تەمەنی دەستەکەمان کۆتایی پێهات.
وە ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ لە کاتێکدا ئێمە ئەو دەستەیەمان راگەیاند، هیچ دەستەیەك و رێکخراوێك و سەندیکایەکی رۆژنامەنوسی لەئارادا نەبوو، بۆ بەرگری کردن لە ئازادی رۆژنامەگەری و مافی رۆژنامەنوسان و پەرەدان بە بواری رۆژنامەگەری بۆیە پێویستە ئەم هەوڵە جوانەی رێگای ئازادی رۆژنامەگەری لە بیر نەکرێت.

©Kurdistan Net